# پوختەیەك

ئەم توێژینەوەیە، لەبنچینەدا ماستەرنامەی "نوسەر" خۆیەتی و بەزمانی ئینگلیزی نوسراوە، وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی، هەوڵێکی زانستییە بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە پەیوەندییەکانی تورکیا و ئیسرائیل لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی حزبی دادوگەشەپێدانی تورکی دا لەماوەی (٢٠٠٢-٢٠١٥) دا، تیایدا بەگوێرەی هەلومەرجە نێوخۆیی و هەرێمایەتییەکان سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرانبەر ئیسرائیل و جیهانی عەرەبی شرۆڤە کراوە. جگەلەمەش لایەنی مێژوویی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی فەرامۆش نەکردووەو، لەهەناوی خۆیدا کردونی بە پرسیار بۆ ئێستاو ئایندە، بۆنمونە: پێش دامەزراندنی کۆماری تورکیای مۆدێرن لەساڵی (١٩٢٣) عەرەب و جولەکە لەژێر دەستەلاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دا ئەژیان، لەچوارچێوەی پەیمانی سایکس پیکۆ- ١٩١٦ دا، بەشی زۆری جولەکەکان کۆچیان کرد بەرەو خاکی فەلەستین و، لەبەر پاڵپشتی بەڵێنی بەلفۆڕ -١٩١٧ دا، بەریتانیا بڕیاریدا پشتگیریی دامەزراندنی دەوڵەتێك بۆ جولەکەکان بکات،لەسەر خاکی فەلەستین. لەکاتێکدا ئیمڕۆکە (١٠٠) ساڵ بەسەر ئەو دوو پەیمانە مێژووییەدا تێپەڕئەبێت و، حزبی دادوگەشەپێدانی تورکی بۆ جاری چوارەم لەهەڵبژاردنەکانی (حوزەیرانی ٢٠١٥) دا سەرکەوت، ئەم حزبەش خۆی وەك حزبێکی دیموکراتی- کۆنزێرڤات پۆلێن کردووە کە ڕەگو ڕیشەیەکی ئیسلامی هەیە. لەساڵی (٢٠١٠) ەوە پەیوەندییەکانی

**تورکیاو ئیسرائیل لەڕووی سیاسیی و دیبلۆماسییەوە بەهۆی پاڵپشتی حکومەتی ئاکپارتییەوە لە گەلی فەلەستین، لەوپەڕی کزیدا بووە. لەکورتیدا ئەم هەوڵە تازەیە  بە بەکارهێنانی میتۆدیٚ چۆنێتی (Qulitative Method) و دروستکردنی چوارچێوەیەکی تیۆریی کە لە ئەدەبیاتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بە " بالأنسی هێز" ناسراوە، سۆراخی ئایندەی پەیوەندییە سیاسی و ئابوریی و سەربازییەکانی تورکیاو ئیسرائیلی کردووە لە بەر ڕۆشنایی گۆڕانکارییە ناوچەییەکان.**